




# پانۆرامای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان

ئامادەکردنی: دکتۆر ناجح گوڵپی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پانۆرامای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان




ئامادەکردنی: دکتۆر ناجح گوڵپی

پاش هەڵگیرسانی شەڕی ئێراق - ئێران ٢١ - ٩ - ١٩٨١ کە ماوەی هەشت ساڵ بەردەوامی بوو لە ٨ - ٨ - ١٩٨٨ کۆتایی هات، بەهۆی لایەنگری زۆربەی وڵاتانی زل هێز لە عێراق دژ بەئێران، ئەویش بە مەبەستی بەربەست دانان لەگەشەسەندنی دەوڵەتی ئیسلامی و هەناردەکردنی فکری ئیسلامی بۆ دەروەی سنورەکەی، لەم ڕوانگەیەوە زل هێزەکان بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی تەواویان بۆ عراق جاڕدا بوو،هاوکات زۆربەی وڵاتانی عەرەبیش پشتیوانی عێراق بون بێجگە لە (سوریا و لیبیا) کە هاوکاری ئێران بوون، بەهۆی بەرگەگرتنی ووڵاتی ئیران دژ بەهەموویان، بیریان لە بەکار هێنانی چەکی کۆکوژ کردەوە ئەویش چەکی کیمیایی بوو، سەرباری ئەوە عیراق لە ڕیزی ئەو ١٢٠ وڵاتە بوو واژۆی پەیمان نامەی جنێڤی ساڵی ١٩٢٥ کردبوو کە باس لەقەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکات، پاش ئەوەی عیراق چەکی کیمییای و مادەکانی بەرهەم هێنانی دەس کەوت، گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا بۆ بەکارهێنان کە بەپێی یاسا نێو دولەتیەکان نابێت چەکی کۆکوژ بەکار بێت لەجەنگدا، لەبەرەکانی جەنگی نیوان سەربازانی عیراق و ئێران بەچڕی بەکاریان هێنا، تەنانەت سەربازی عیراقیش بەردەکەوتن، لێرەدا نامانەوێ باس لە بەکار هێنانی چەکی کیمیایی بکەین دژ بە سوپای ئێران بەڵکو دێینە سەر تەوەرەکەی خۆمان ئەویش بەکار هێنانی چەکی کیمییایە دژی گەلی کورد.

زۆربەمان لامان ئاشکرایە کە ڕژێمی بەعس بیری شۆڤێنیەت بەسەری دا زاڵ بوو، دەی ویست کورد لە بۆتەی عەرەبدا بتوێنێتەوە و نەی هێڵێ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندەها ڕێگای گرتە بەر، ڕاگواستن، بەزۆر بەبەعسی کردن، تەعریب کردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوچە کوردیەکان، کۆتا هەنگاوی بەکار هێنانی چەکی کۆکوژی کیمیایی بوو، تازۆرترین ژمارە ی کورد لە ناو ببات بەتایبەت نەیارەکانی، لەم ڕوانگەوە ڕژێم هەرکەس لەژێردەسەلاتی ئەودا نەبوایە بە قورسترین شێوە لێی دەدا بەئاگر وئاسن و چەکی کیمیایی، بڕیاری تایبەتی دەر کرد بۆشوێنە ئازاد کراوەکان کە بە ناوچەی قەدەغەکراو (مناطق محرمە) ناو زەدی کردن، هەر بۆیە لەسەرەتای سالی ١٩٨٧وە زۆر دڕندانە کەوتە بۆردومانی کیمیایی ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دەستی نەدەپاراست لەمرۆڤ و ئاژەل و باڵندەش .

بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی کەدەست کەوتوون ڕژێم لەتشرینی دوەمی ساڵی ١٩٨٣ دا چەکی کیمیایی وەدەس ختوە، بەلام بەهۆکاری نەزانراو بە کاری نەهێناوە لەبەرەکانی جەنگدا، دەرکەوتوە یەک جار لەبەرەی جەنگی باکور دژ بەئیران بەکاری هێناوە لە ناوچەی حاجی ئۆمەران پێشتر لەساڵەکانی ١٩٣٧ - ١٩٣٨ دەولەتی تورک دژی کورد لە شۆڕشی دەرسیم دا چەکی کیمیایی بەکار هێناوە وەک لەساڵنامەی دەولەتی عوسمانیدا هاتوە.

ڕژێم هەموو جۆرەکانی چەکی کیمیایی دژ بە گەلی کورد بەکارهێنا، لە ڕێگای فڕۆکەی جەنگی و موشەک و بۆمبی گەورە، تۆپی دورهاوێژ، راجیمە، تێبینی دەکرێ زۆربەی هێرشە کیمیایەکان بەشەو دەیکرد ،تا خەڵک نەی بینێ زۆرترین کوشتار بدات.

مەبەست لە دروست کردن یان ئامادە کردنی ئەم بابەتە بەشێوازی ڕۆژمێر ئەوەیە تاکو تاوانەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەشێوازێکی ئاسان تۆمارو بەدۆکیومێنت بکرێن، و نەتەوەی کورد و نەوەی نوی لێێ ئاگادار بێت، وەک سەرچاوەیەک سودی لێ وەربگیرێ لەکاتی پێوستدا.

**لەم پانۆرامایەدا دەمانەوێ بە تێرو تەسەلی ڕۆژی بۆمبارانی کیمیایی ناوچەو شوێنەکان و ژمارەی قوربانیەکان بەپێ توانا دیاری بکەین:**

١- **لە ڕۆژی ١٥ - ٤ - ١٩٨٧ دا؛** پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (هەڵەدن،چالاوە، کانی توو، سەرگەڵو، بەرگەڵو، ئاوەژێ، سێروان، نوڵچکە، چنارنێ، شاخی گۆجار)، ژمارەی قوربانیان بریندار بونی دەیان کەسی مەدەنی و پێشمەرگە بوە. شایانی باسە ئەم بۆردومانانە لەکاتی ئەنجامی هێرشێکی گەورەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بوو بۆ سەر ناوچەکە بە ناوی داستانی ڕزگاری، سەرەڕای ئازادکردنی جەندین گوندو ناوچەو بە سەدان ڕەبایەو سەربازگەی ڕژێم، بەلام داستانەکە بەپێ ئەو نەخشەیەی کە بۆی دانرابوو نەگەیشتە ئەنجام. چونکە ڕژێم چەکی کیمیایی بەکار هێنا دژی پێشمەرگەو هاولاتیان. بۆمبارانی کیمیایی ڕۆژانی دوایش بەردەوامی هەبوە زیاتر لە ٣٠ هاولاتی بەرکەوتن، لە


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەخۆشخانەی شۆڕش لەبەر گەڵو خەوێنراون و چارەسەر کران.

دەتوانین بلێێن ئەمە یەکەم هێرشی کیمیایی بۆ بۆسەر ناوچە ئازاد کراوەکان و پێشمەرگە، داستانی ڕزگاری لە شەوی ١٢ لەسەر ١٣ - ٤ - ١٩٨٧ دەستی پێکرد و ماوەی سێ هەفتە بەردەوام بوو،زیاتر لە ١٠٥ پێشمەرگە گیانیان بەخشی بە کوردستان، بەلام نەزانراوە ئایا چەندیان بە جەکی کیمیایی شەهید بوون. ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕژێم چەکی کیمیایی زۆرتر دژی گوندەکان بەکار هێناوە تاکو ژمارەیەکی زیاتر خەڵکی بێ دیفاع شەهید بکات.

١- لە ڕۆژی ١٦ - ٤ - ١٩٨٧ دا؛ پارێزگای هەولێر گوندەکانی (بالیسان، شێخ وەسانان، کانی بەرد، زنجیرە چیای دەرشیر، زینی بەلاڵوکاوە، ناوچەی ساو سێوکان) بۆمباران کران بە ١٢ فرۆکە ی جەنگی چەکی کیمیایان وەشاند. دیارە ئەو شوێنانە ناوچەی ئازادکراو بوون ولەژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگەدا بون بارەگای مەڵبەندی سێ ی (ینک) ی لێ بوو، لەئەنجامی کیمیابارانداا تا ئیستا زیاتر لە ٢٨٠ هاولاتی شەهید بوون،سەرەتا ژمارەی شەهیدان کەمتر بوو بەلام بەهۆی بەرکەوتنیان و کەمی لە چارەسەر کردندا ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی شەهیدان زیاتر دەبن، تائیستا مووچە بۆ ٢٥٦ بەرکەوتووی کیمیایی بڕاوەتەوە، و نزیکەی ٣٢٠ کەسی تر بەرکەوتووی چەکی کیمیاین.(لەکاتی بۆمبارەنەکەدا و سالی ١٩٨٧ نزیکەی ١٠٩ کەس شەهید بوون، زیاتر لە ٢٨١ بەرکەوتووی ئاشکرا هەبوو دواتر وردە وردە کاریگەری چەکی کیمیایی دەرکەوت قوربانیەکان زیاتر بوون) بەرکەوتوانی ئەم تاوانە ڕویان لەهەولێرو شەقلاوە و رانیەو شارەکانی تر کرد بۆ چارەسەر بەلام ڕژێم زۆربەی هەرە زۆری دەسگیر کردو زیندە بەچاڵی کردن بەتایبەتی ئەوانەی چوون بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر، پیاوەکانیان لەژنەکان جیاکردوە و لە سەربازگەی ڕشکین پاش دەیان ڕۆژ دەسبەسەرکردن ژنەکانیان ئازاد کردو پیاوەکان زیندە بەچال کران لەدوای ڕاپەڕین تەرمی زیاترلە ٦٦ کەسیان لەو سەربازگەیەهێنایەوە، هەروەها ١٥٠ خانوو دروست کراوە بۆ کەسوکاری قوربانیانی چەکی کیمیایی بالیسان و شێخ وەسان.

٢- لە ڕۆژی ١٧ - ٤ - ١٩٨٧ پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (قزلەر، بیرکێ، سنگر، مێولاکە) کیمیا باران کرا، جەندین کەس بەرکەوتن، بەهۆی ئەوەی بۆمبارانەکە لە سەر وبەندی داستانی ڕزگاریدا بوو، زۆربەی شووێن وگوندەکان و بەرەکانی جەنگ بۆردومان دەکرا، خەڵک خۆیان حەشار دابوو و لەئامادە باشی دابوون بۆیە ژمارەی قوربانیان کەمە.

٣- لە ڕۆژی ١٨ - ٤ - ١٩٨٧ پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (قەیوان، کۆرەنگ، خەجەلەرزۆک، قەوالّ، قوڵەجاخ چۆخماخ، کۆڵەردی) بەچەکی کیمیایی بۆردومانکرا ٥٠ هاولاتی بەرکەوتوە.

٤- لە ڕۆژی ١٩ - ٤ - ١٩٨٧ دا پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (ماوەت قەیوان، پیرەمەگرون) بەچەکی کیمیایی بۆردومان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کران، دەیان کەس بەر چەکی کیمیایی کەوتن.

٥.٦. لەڕۆژی ٢٠ - ٤ - ١٩٨٧ دا هەمان ناوچەکانی ڕۆژانی پێشوو بۆمباران کران و دەیان کەس بەرکەوتن

٦- لە ڕۆژی ٢١ - ٤ - ١٩٨٧ دا پاریزگای سلێمانی / ناحیەی قەرداخ و گوندەکانی دەورو بەری بە چەکی کیمیایی بۆردومان کران، لەڕۆژی ١٩ - ٤ - ١٩٨٧ دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان (ینک، حشع، پدک، حسک) بە هاوکاری هێزی پشتگیری ناوچەکە لەهێرشێکدا دەستیان گرت بەسەر تەواوی ناحیەی قەرەداخدا،هەموو سەربازگەو فەرمانگەکانی حکومەت کەوتنە بندەست پێشمەرگە، بۆ تۆڵەی ئەم شکستە ڕژێم بەچەکی کیمیایی، ناحیەکەو دەوروبەری بۆمباران کرد، بەلام بەهۆی وریایی و ئامادە باشی هیزی پێشمەرگە کاریگەری نەبوو تەنها چەند پێشممەرگەیەک بەسوکی بەرکەوتن، ئیتر لەو کاتە بەدواوە ناوەندی ناحیەی قەرەداخ ئازاد کرا.

٧- لە ڕۆژی ٢١ - ٤ - ١٩٨٧ پاریزگای هەولێر/ دۆڵی بالیسان کیمیا باران کرا.

٨- لە ڕۆژی ١ - ٥ - ١٩٨٧ پاریزگای دهۆک گوندی (زێوە) بۆردومانی کیمیایی کرا چەندین پێشمەرگە شەهید بوون.

١٠- لە ڕۆژی ٢٢ - ٥ - ١٩٨٧ پارێزگای هەولێر گوندەکانی (مەلەکان، گۆڕە شێر، کەندۆل، بلێ، بردون) کیمیابران کران.

١١- لە ڕۆژی ٢٢ - ٥ - ١٩٨٧ پارێزگای کەرکوک گوندەکانی (تۆمار، گورگان، قەمەر) کیمیاباران کران.

١٢- لە ڕۆژی ٢٧ - ٥ - ١٩٨٧ پاریزگای هەولێر گوندەکانی (مەلەکان، بلەی خواروو، بلەی سەروو، تارینا، کەندۆک، گۆڕە شێر، نازەنین، دۆڵی سماقۆلی) کیمیاباران کران لەئەنجامدا هەشت ٨ شەهیدو ٢٣ بەرکەوتوو، بەپێی هەواڵەکان فرۆکە جەنگیەکان بیست ٢٠ هێرشیی کیمیایان ئەنجام داوە لەو ڕۆژەدا.

١٣- لە ڕۆژی ٥ - ٦ - ١٩٨٧ پاریزگای دهۆک گوندەکانی قەزای ئامێدی بۆمباران کران یەک شەهیدو سەد بەرکەوتوو.

١٤- لە ڕۆژی ٢٧ - ٦ - ١٩٨٧ لە پاریزگای سلێمانی گوندی (زێوێ) بناری شاخی پیرەمەگرون کیمیاباران کراوە، ٣٥ کەس بەرکەوتن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**١٥- لە ڕۆژی ٢٨ - ٦ - ١٩٨٧ ڕۆژهەلاتی کوردستان شاری سەردەشت بۆردومانی کیمیایی کرا، زیاتر لە ١٣٠ کەسی مەدەنی شەهید و ٨٠٢٥ بریندار کەوتن، فڕۆکەکان بۆمبەکانیان لە قەرباڵغ ترین شوێنی شاردا، لەو کاتەدا سەردەشت وەک بەرەیەکی دواوەی جەنگی لێهاتبوو لەشەڕی عێراق - ئێراندا.**

**١٦- لە ڕۆژی ٣ - ٩ - ١٩٨٧ پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (بەرگەڵو، یاخسەمەر) بەچەکی کیمیایی بۆردومان کران لەئەنجامدا ٤ پێشمەرگە شەهیدو چەندین کەس بەرکەوتن.**

**١٧- لە ڕۆژی ١٤ - ٩ - ١٩٨٧ پارێزگای سلێمانی ناوچەی(مێرگەپان) بۆمبارانی کیمیایی کرا چەندین کەس بەرکەوتن.**

**١٨- لە ڕۆژی ٢٥ - ٢ - ١٩٨٨ پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (سەرگەڵو، یاخسەمەر، هەڵەدن، گوێزیلە) بۆردومانی کیمیایی کران، چەندین کەس بەرکەوتن.**

**١٩- لەڕۆژی ٢٦ - ٢ - ١٩٨٨ پارێزگای سلێمانی، هەمان ناوچەو گوندی ڕۆژی پێشو(سەرگەڵو، یاخسەمەر، هەلەدن، گوێزیلە) بۆردومان کران ٨ شەهیدو ٢٠١ کەس بەرکەوتن.**

**٢٠- لە ڕۆژی ٢٧ - ٢ - ١٩٨٨ پارێزگای سلێمانی گوندەکانی(تەکیە، بەلەکجاڕ، بەڵخە، گومەتە) لە ناوچەی قەرداغ کیمیاباران کرا بە ژەهری خەردەل، لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانی ڕژێمەوە کە ژمارەیان نزیکەی ٦ فڕۆکە دەبوو، دەیان پێشمەرگە بریندار بوون کە مەزندە دەکرا بە ٤٠ کەس، بەهۆی کاریگەری برینەکەیانەوە ٢ کەسیان شەهید بوون کە چەکداری ئەنجومەنی بالای ئیسلامی بوون بەڕەگەز عەرەب، نیشانەکانی بریندار بوون بریتی بوو لە سوتانەوەی چاو قورگ لوت و ئاو هاتنە خوارەوە پژمین و کۆکە، کزبونی بینایی و کوێر بون، سوتانەوەی پێستی شوێنە هەستیارەکانی لەش،(خۆم شاهید حاڵی ئەو بۆمبارانە بووم لەوێ پێشمەرگە بووم)**

**بۆمبارانی ئەمجارە تایبەت بوو بە بارەگاکانی مەڵبەندی یەک (ینک) لەگوندەکانی تەکیەو بەلکجاڕ کە هەموو بریندارەکان لەوی بوون.**

**٢١- لە ڕۆژی ٩ - ٣ - ١٩٨٨ پارێزگای سنە. مەریوان گوندی قەلاجی (ڕۆژی ١٩ اسفند ی ١٣٦٦ بۆمباران کرا)، بە گازی خەردەل، ٣ شەهیدو زیاتر لە ٣٠ بەرکەوتوو.(زریوار خبر).**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢٢- لە ڕۆژی ١٦ - ٣ - ١٩٨٨ پارێزگای هەڵەبجە، ناوەندی قەزای هەڵەبجەو شارەدێ و گوندەکانی دەوروبەری بەچەکی کیمیایی بۆمباران کران (٥٠٠٠ هەزار شەهید) و دەیان هەزار کەس بریندار و ئاوارەی وەلاتی ئێران بوون. لەئەنجامی هێرشێکی بەر بڵاوی سوپای پاسدارن ی ئێران و بەهاوکاری پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی بۆ سەر قەزای هەڵەبجەی ئەوکاتە، لەچەندین قۆڵەوە لە ڕۆژانی ١٤ - ٣ - ١٩٨٨ بەدواوە، پاش داگیر کردنی ناوچەکە بەتەواوی و ڕژێم دەستی کرد بە بۆردومانی ناوشاری هەڵەبجە سەرەتا بە بۆمبی ئاسایی کاتژمێری ١١.٢٠ دەستی پێ کرد، تاخەڵک بەزۆرترین ژمارە خۆی حەشار بدات و کۆ ببنەوە، لە ژێر زەمینو حەشارگەکاندا. ئینجا دەستی کرد بە بۆمبارانی کیمیایی لە ڕێگای فرۆکەوە، مەزەندە ئەکرێ هەموو جۆرە گازەکانی بەکار هێنابێ وەک تاقیگەیەک (خەردەل، فۆسجین، سارین، تابون، سیانید، ڤی ئیکس)، بۆمباران بەردەوام بوو تا خەڵک لەشار هەڵهات و ئینجا لەوێش لە ڕێگادا بەردەوام بۆمباران دەکران، بەمەبەستی بەتەواوی لە ناو بردنیان، ڕێگاکانی دەرچونی لەشار هەمویی بۆردومان دەکران.

٢٣- لە ڕۆژی ١٧ - ٣ - ١٩٨٨ پارێزگای کرماشان / هەورامان شارەدێی(نۆدشە) کەوتە بەرهێرشی کیمیایی، (١٠٤) شەهیدو زیاتر لە ٧٠٠ کەس بەرکەوتوو، هەروەها لە ڕۆژی ٢٤ - ٣ - ١٩٨٨ دا جارێکی تر، و لە ٢ - ٤ - ١٩٨٨ بۆجاری سێهەم بۆردومان کرا، شاندێکی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆمەبەستی لێکۆڵینەوە سەردانی ئەم شارە یان کردو سەلماندیان کە چەکی کیمیایی لەجۆری خەردەل لەو شارە دراوە.

٢٤- لە ڕۆژی ١٧ - ٣ - ١٩٨٨ ڕۆژانی دواتریش / پارێزگای سنە / مەریوان، گوندەکانی (دەرەناخێ، زەکەریا، ڕێگای نیوان مەرزی دزلی و بیەکەرە) کە ڕێگای هاتوچۆی خەڵکی ئاوارەی هەڵەبجەو هەورامان و ناوچەکانی تربوو، ڕژێم جاریکی تر لە ڕێگاوە بۆردومانی کردن، چەندین کەس بەرکەوتن و کەسیک شەهید بوو بەناوی (زۆراب ئازیز گوڵپی)،

٢٥- لە ڕۆژی ٢٢- ٣ - ١٩٨٨ پاریزگای سلێمانی ناوچەی قەرەداخ گوندی(سێوسینان)، ئێوارە لەگەڵ بانگی مەغریب کاتی پشودان و نان خواردن ی خەڵکی گوندەکە، لە گەڵ تاریک بونی هەوا ڕژێم لە نزیک دەربەندیخانەوە لە گوندی کانی ساردەوە بە ڕاجیمەی چل چل و بەچەکی کیمیایی جۆری دەمار(سارین و تابون) بۆردومانی ناو دێ ی سێوسێنانی کرد، دەس بەجێ ٦٨ کەسی سڤیل لە ژنو مناڵ و پیر شەهید بوون، یەک کەسیان پێشمەرگە بو، دواتر ژمارەی شەهیدەکان بوە بە ٧١ بەهۆی گیان لەدەستدانی برینداراەکانەوە، سەدان کەسیش بەرکەوتن و زیاتر لە ٧٠ کەسیان بەهۆی تراکتۆرەوە لەلایەن تیمی فریاکەوتنی نەخۆشخانەوە گەیەنران و چارەسەریان بۆ کرا، بەهۆی هەوڵ و کۆششی دکتۆرو یارمەتی دەری دکتۆر و پێشمەرگەکانی نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەک (ینک) توانرا گیانی هەموو بەرکەوتوەکان ڕزگار بکرێ، پاش کەمتر لەنیو کاتژمێر و گەیشتنی دوو بریندار لە گوندەی بەردێ و خوار گوندی سێوسێنان بۆمان پشت ڕاسکرایەوە کە گوندی سێوسێنان بە چەکی کیمیایی بۆردومان کراوە ،یەکسەر تیمی پزیشکی لە خەستەخانەوە دەسبەجێ ڕۆشتن بۆ گوندەکە کە نزیکەی ٣٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەقیقە بەپێ ڕۆشتن دور بولێمان، توانرا بریندارەکان بهێنرێتە خەستەخانەو چارەسەریان بۆ بکرێ لەماوەی ٢ -٣ ڕۆژ.. لەئیستادا مەزارگەی شەهیدانی کیمیاباران لەو گوندە ٦٨ کێل و روفاتە، ٢٤ خانوش بۆ کەسوکاری قوربانیانا ئەو تاوانە دروست کراوە. (خۆم وەک شایەت حاڵی زیندوی تاوانەکەم لە خەستەخانەی مەڵبەند دکتۆر بووم)

٢٦- لە ڕۆژی ٢٣ - ٣ - ١٩٨٨ پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (دوکان، دوکەرۆ، ولیان جافەران) بەشەو بۆمبارانی کیمییایی کرا بەلام کەس شەهید نەبوە و دەیان کەس بەرکەوت، بەهۆی ژەهراوی بونی هەوای ناوچەکە. گوند نشینان کەوتبونە خۆیان و هۆشیار بوبونەوە، بۆیە گوندەکانیان جێ هێشتبوو لەشاخ و ئەشکەوتەکان دەمانەوە تا بەر چەکی کیمیایی نەکەون.

٢٧- لە هەمان ڕۆژدا ٢٣ - ٣ - ١٩٨٨ پارێزگای سلێمانی گوندی (شاناخسێ) لە ناوچەی شار بازێر بەچەکی کیمیایی بۆردومان کرا ٢٢ پێشمەرگە شەهید بوون و زیاتر لە ٧٢٠ کەسی مەدەنی وپێشمەرگە بەرکەوتن. لەو کاتەدا گوندی شاناخسێ یەکێک بوە لەگوندە ئاوەدانەکان و پڕ لە خەڵک و پیشمەرگە و نزیک سەر سنور بوو بۆیە ڕژێم بە چەکی کیمیایی و بەفرۆکە بۆمبارانی کرد، بەپێی بەدواداچونەکانم ئەم گوندە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ ،٢٣ - ٣ - ١٩٨٨ بۆردومانی کیمییایی کراوە.(کاروانی جیهاز یەکێک لەپێشمەرگە بریندارەکان ی ئەو گوندە بوو، هەروەها شایەت حاڵی دادگای بالای تاوانەکان بوو، کەلەڕۆژی ٢٦ - ١١ - ٢٠١٥ گیانی بەخشی لەنەخۆشخانەی خرونگن لە هۆڵاند)

٢٨- لە ڕۆژی ٢٤ - ٣ - ١٩٨٨ پارێزگای سلێمانی گوندی(بەلەکجار) ناوچەی قەرەداخ، کە بارەگا سەرەکیەکانی مەڵبەندی لێ بوو لە کات ژمێری نۆی شەو بەتاریکی، چەکی کیمییایی جۆری گازی دەمار بۆردومان کرد، کە گازێکی بێ بۆن و بێ ڕەنگە، ناودێ و دەروەبەری بارەگاکانی پێشمەرگە، لەئەنجامدا تەنها یەک پێشمەرگە بەناوی هۆشیاری جیهاز شەهید بوو، جەندین پێشمەرگەش بەر ژەهری کیمیایی کەوتن.

٢٩- لە ڕۆژی ٣ - ٥ - ١٩٨٨ پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (گۆپتەپە، عەسکەر، چەمی ڕیزان، شونکە، ماهیلە، سەدی، چنار، شێخان، گڵەشێر، حاجی ژێرە بەرە، کوچبلاخ، زرزی،کلێسە) بۆمبارانی کیمیایی کران،

ڕۆژی دواتریش ٤ - ٥ - ١٩٨٨ ڕژێم هێرشی کرد گوندەکانی هەموو تەختی زەوی کرد. لەئەنجامدا سەرەتا زیاتر لە ٢٠٠ کەس بەهۆی ژەهرەوە گیانیان سپارد، سەدانی تریش بەرکەوتن، تاکو ئیستا ژمارەی شەهیدەکانیان کە بەهۆی برینداری چەکی کیمیایەوە گیانیان سپاردوە گەیشتۆتە ٥٦٠ شەهید. لە گۆپتەپە مەزارێکی شەهیدانی هەیە کە روفاتی ١٠٥ شەهیدی تێدایە، سەرباری ئەوەی کە زیاتر لە ٣٠٥ ئەنفالکراوایان هەیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٣٠- لە ڕۆژی ١٥ - ٥ - ١٩٨٨ پارێزگای هەولێر ئەم گوندانە بەچەکی کیمیایی بۆردومان کران (دەس پێکی قۆناخی چوارەمی ئەنفال بوو)(کاموسەک، سپیندارە، عەلیاوە ، بەرەکە، کەوەکیان، حەریر، سماقولی، مەلوک)، ئەم هێرشە بۆتە هۆی بەرکەوتنی سەدان کەس.

٣١- لە ڕۆژی ١٥ - ٥ - ١٩٨٨ بەدواوە ١٨ - ٥- پارێزگای سلێمانی / ڕانیە گوندەکانی (وەرێ، گولان) بۆردومانی کیمیایی کران، پێچەوانەی شوێنەکانی تر ئەم دوو گوندە لەژێر دەسەلاتی ڕژێمدا بون، لەگوندی وەرێ زیاتر لە ٣٥ بریندار گەینراوەتە نەخۆشخانەی مەلبەندی ٣ لەخەتی بۆچارەسەر بەلام ژنێک گیان لەدەس ئەدا پاش گەیشتنی بە نەخۆشخانە، هەروەها ژمارەی شەهیدانی کیمیابارانی ئەم گوندە ٣٦ کەسە کەتۆمار کراون لەگوندی گولان (١٨) پێشمەرگی کۆمەڵەی زەحمەت کێشان ڕۆژهەلاتی کوردستان شەهید کەوتن بەهۆی بۆردومانی کیمیایی، لەکاتێکدا ئەم گوندە لە ژێردەستی پێشمەرگەدا نەبوو، بریندارەکانیان سەردانی نەخۆشخانەی حکومەتیان نەکرد لەترسی ئەنفالکردنیان و کەشف بونی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی.

٣٢- لە ڕۆژی ٢٠ - ٧ - ١٩٨٨ پارێزگای هەولێر بۆردومانی کیمیایی گوندەکانی (سەرو چاوە، سماقولی، گەناو، شارستێنە، خەتێ، دەراش، بالیسان،نازەنین، گەرەوان) بەهۆی هێرشی بەردوام و بۆمبارانی کیمیاییەوە لەم کاتەدا زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە چۆڵ کرابوو،ئەوەی مابویەوە لە چیاو پەنا گاکاندا خۆیان حەشار دابوو، بەتەنها هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا مابوو ئەوانیش لەشەڕدا بوون بەهۆی شالاوی ئەنفالی (٥ .٦.٧.) ٧ شەهیدو چەندین بەرکەوتوو.

٣٣- لە ڕۆژی ٢٢ - ٧ - ١٩٨٨ پارێزگای کرماشان، ناوچەی(دالاهۆ گوندی زەردە) بۆمبارانی کیمیایی کرا، لەئەنجامدا زیاتر لە ٣٠٠ کەس شەهید بوون، نزیکەی هەزار کەسیش بەرکەوتن، دانیشتوانی گوندەکە ئەوکات ١٧٠٠ کەس بوە، تائیستاش ئەو گوندە بە کاریگەری ئەو چەکەوە دەنالێنن و چەندین حالەتی شێرپەنجە سەری هەڵداوە

٣٤- لە ڕۆژی ٣١ - ٧ - ١٩٨٨ پاریزگای هەولێر گوندەکانی (سماقولی، بالیسان، هیران، گەرەوان) بۆردومانی کیمیایی کرا، لەئەنجامدا ٥ شەهیدو چەندین کەس بەرکەوتن .(٧/٣٠)

٣٥- لە ڕۆژی ٢ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای هەولێر گوندەکانی (ئاری، سێرو، زەڕوا، هەدن، کەکلە، خێرزوکا، خەروان، بلێ) بەچەکی کیمیایی بۆردومان کراوە و ٦پێشمەرگە شەهید و ١١٧ کەس بەرکەوتن، هەڵبەت ئەم بۆردومانانە لە ڕۆژەکانی پێشوتر و داوتربەردەوامی هەبوە لەسەر ناوچەکە بەتایبەت لەو کاتەدا، شەڕێکی قورس لەئارادا بو لە ناوچەی سێ سنور کە بەشەڕی (خواکورک) ناوبانگە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٣٦- لە ڕۆژی ٢٤ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای دهۆک چیای گارە و گوندی (زێوەشکان) بۆمبارانی کیمیایی کرا ١٠ پێشمەرگە شەهید بوون.

٣٧- لە ڕۆژی ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای دهۆک دەسپێکی قۆناخی هەشتەم و کۆتایی ئەنفال لە ناوچەکەدا بۆمبارانی کیمیایی بۆ سەر ناوچەی ئامێدی و بەرواری باڵا، گوندەکانی (وەرمیلی ،باپیری، گەرەگوە، هیسی،ئیکمالا، ئاسهی، بازێ، میسکا، توشمبیک، مێرگا چیا، کانی بەلاڤ، برجینی، توێکا) لەئەنجامدا ٥ شەهیدو ٧٥ بەرکەوتن. هەر لەم ڕۆژەدا چەندین پەلاماری تری کیمیایی ئەنجام دراون لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.

٣٨- لە ڕۆژی ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای دهۆک / ئامێدی، سەری گارە گوندەکانی (ئیکمالا، کیری، بەلیتی، باوەکا، بەرکەڤری، گرکا، کۆڤلینک، ڕدینیا، سارکی، زێوکا، شێرانە، بلێجانی، بانێ) کیمیا باران کرا لەئەنجامدا ٢ شەهیدو ٤٠ بەرکەوتن. هەر لەم شالاوەدا زیاتر لە ٤٦ گوندی دەڤەری ئامێدی تەختی زەوی کران.

٣٩- لە ڕۆژی ٢٥-٨-١٩٨٨ پارێزگای دهۆک، ئامێدی بەرواری ژێری (خوارو) گوندەکانی (سپیندارێ، سواری)

٤٠- لە ڕۆژی ٢٥-٨-١٩٨٨ پارێزگای دهۆک، ئامێدی گوندەکانی (کانیا، باسکا، ئاڤۆکێ، بیمنانش) بۆردومانی کیمیایی کراو چەندین کەس بەرکەوتن.

٤١- لە ڕۆژی ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای دهۆک، ئاکرێ گوندەکانی (پریسە، جزگیرا، چەمچالی، چەمشرتی، چەم ڕەبەتکی، میروکی، بلمباس) بۆردومان کران و چەندین کەس بەرکەوتن.

٤٢- لەڕۆژی ٢٥-٨-١٩٨٨ پارێزگای دهۆک، زاخۆ گوندەکانی (تویکا، بلیجان، زرهەوا) بۆردومان کران، لەئەنجامدا ١٤ شەهیدو ١٥ بەرکەوتن.

٤٣- لە ڕۆژی ٢٥-٨ - ١٩٨٨ پارێزگای دهۆک بۆردومانی کیمییایی کرا لە گوندەکانی (بریجینی، درگەلا شێخا، زیناڤا، دبانکێ) چەندین بەرکەوتوو.

٤٤- لە ڕۆژی ٢٥-٨-١٩٨٨ پارێزگای هەولێر ناوچەی (بەڕۆژ، بارزان، مزوری بالا) بۆردومانی کیمیایی کران بەلام لەبەر سەختی ناوچەکەو ژمارەی قوربانیان نەزانروە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٤٥- لە ڕۆژی ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای هەولێر، شەقلاوە گوندەکانی(هیران و نازەنین) بۆردومانی کیمیایی کراون بەلام زیان نەزانراوە، لەکۆتا ڕۆژەکانی ئەنفال بوە لەو ناوچەیە.

٤٦- لە ڕۆژی ٢٥ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای هەولێر، ڕواندوز، گوندەکانی (خەتێ، وەرتێ) بۆ دواجار بۆمبارانی کیمیای کراون، قوربانیەکان نەزانراوان.

٤٧- لە ڕۆژی ٢٦ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای دهۆک، ئامێدی گوندەکانی (سەری ئامێدی، سپێر، سینیا، نێروە، خەرەگول کوجرزکا، خراپ، زێوە، بەرچی، کانی، دیری، سیری، سکیری، دەرگەنی، سەرکەلی، فیرستەک، چیاڕەشک) بۆردومانی کیمییای کراوان، قوربانیەکان نەزانراوە.

٤٨- لە ڕۆژی ٢٧ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای هەولێر، مزوری بالا ناوچەی(زێ ی ڕوشین) بۆردومانی کیمیایی کراوە ژمارەیک شەهیدو بەرکەوتە هەبوە.

٤٩- لە ڕۆژی ٢٨ - ٨ - ١٩٨٨ پاریزگای دهۆک، لە نێرەوە و ڕێکان گوندەکانی (شیڤی، هیتوت، کانیا پینک، باشی، سەرنی، گارە، گەرو، باوانکێ، زێوە، گەلی کوتکێ) بوردومانی کیمییای کراوان، ژمارەی قوربانیان نەزانراوە.

٥٠- لە ڕۆژی ٢٩ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای دهۆک ناوچەی بەرواری بالا گوندی (بازێ و گەلی بازێ) بۆردومانی کیمیای کران و ٢٩٨٠ کەس شەهید بوون و سەدان بەرکەوتە. ناکۆکی لەسەر ژمارەی شەهیدەکان هەیە، پێ دەچێ ئەم ژمارەیە (بێ سەروشوێن و ئەنفال کرابن)

٥١- لە ڕۆژی ٢٩ - ٨ - ١٩٨٨ پارێزگای دهۆک گوندی (بانکێ) کیمیاباران کراوە زیاتر لە ١٠٠٠ شەهید و سەدان بەرکەوتوو هەبوە.

**لە سەروەختی شالاوی ئەنفالدا ڕژێم هەموو گوندەکان و ناوچەکانی بادینان و کوردستان بە بۆمبی کیمیایی بۆردومان کردوە نەمان توانیوە ناوی هەموو گوندەکان بهێنین. بەپێ بەڵگەنامەکانی سوپا لەئەنجامی بۆردومانی کیمیایی و هێرشی بەرفراوانی سوپا لە قۆناخی هەشتەمی ئەنفال، زیاترلە ١٦٠٠٠٠ کەس لە سنور پەڕینەوەو چونە ناو خاکی باکوری کوردستان و لە ولاتی تورکیا بونە پەنا بەر و ٦٦٤ گوند وێران کران و و زیاتر لە ١٧٠٠ کەس بێ سەروشوێن کراون.**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## تێبینی:

وشەی بەرکەوتوو م بەکار هێناوە لەجیاتی بریندار چەکی کیمیایی. هەروەها بەهۆی نەشارەزایم لە ناوی گوندەکانی بادینان، ئەگەر هەڵەیەک هەبێ داوای لێ بوردن دەکەم، بەهیوام بەهەوڵی دڵسۆزانەی ئێوەی خوێنەر ڕاست بکرێنەوە.

## سەرچاوە:


- گۆڤاری پێشەنگ ژمارە (١٦) کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە. وەک بناغەو بیرۆکەی نوسینەکەم سودم لێ وەرگرتوە.
- لەتوێشوی پزیشکێکی پێشمەرگەوە (د.فایق گوڵپی)
- ماڵپەڕی زرێوار خبر، کوردپا.
- کۆمەڵێ وتارو یادەوەری لە ئینتەرنێتەوە وەرم گرتوون کە بۆ یادەکان ئامادەکراوان لە لایەن دەزگا فەرمیەکانی حکومەتەوە.
- پانۆرامای تاوانەکانی سەدام (عەدالەت عومەر).
- شایەت حاڵەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لەبەغدا، دۆسیەی ئەنفال (تەها سلێمان).
- یادەوەریەکانی خۆم.
- ماڵپەڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە (ئەمڕۆ لەمێژوودا).
- ڕێکار مزوری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٦


---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی = مارچی ٢٠٢٤ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com